# کۆرسی دووەم/ ژانەرەکان/ قۆناغی سێیەم

## بێژەر

بریتیە لەو کەسەی کەوا هەڵدەستێت بەدەربڕین و دوان و پێشکەشکردن و بەخشینی زانیاری لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی وەک رادیۆ و تەلەفزیۆن .

- زۆرجار لە زمانی کوردی لە شـوێنی بێژەر، پێشـکەشـکار بەکاردێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی بێژەر بە Presenter ، Broadcaster، Newscaster، Telecaster، Announcer، Commentatorدێت.
- بێژەر خاوەن ڕۆشەنبیریەکی فراوان بێت و تارادەیەک توانای نووسینی هەبێت.
- خۆ ئامادەکردنی پێشـــووەختەی پێویســـتە، بە تایبەتی ئەوانەی لە بێژەریدا تازەن و ئەزموونیان کەمە. زۆر جـار پێویســـتە بۆ پراکتیـک لەبەردەم ئـاوێنە بـابەت بخوێننەوە بەرلەوەی بچنە نێو ستۆدیۆکان یان بۆ خۆی بەکامیرای ڤیدیۆ دەربڕینەکانی تۆماربکات و پاشان سەیری بکاتەوە.
- پێویســتە بەدەنگ بەبێ ئەوەی ریکۆرد بکرێت بابەتەکان بخوێنێتەوە، تاوەکو شـوێنە قورســەکان بدۆزێتەوە و ووشەو برگەی تر لە جیاتیدا بەکاربهێنێت یان زۆر پراکتیک بکات.
- بێژەر پێویسـتە ئەو ووشـەو بڕگە و دەسـتەواژانەی بەگرانی دەردەبڕدرێن، زۆر پراکتیکیان بکات و ئاشنایەتییان لەگەڵ پەیدا بکات.
- پێویستە بێژەر ووشـەکان وەک لە قاڵبدان دەرببڕێت و لەکۆڵ خۆیان نەکاتەوە.
- بێ باکانە تۆنی قسەکردن هێواش و نزم نەکاتەوە.
- پێویســـتە خاوەن تایبەتمەندی دەنگی خۆی بێت، لە لاســـایکردنەوە دووربکەوێتەوە. لە شـــوێنی کۆماکان هەناســـەی کورت و لە شـوێنی (خاڵ)ەکان هەناســـەی درێژتربدات، تاوەکو لە هەناســە برکێ دووربکەوێتەوە، لە هەمانکاتدا مێشـکی وەرگر پشـووبدات و بۆ پێشـوازیکردن لە زانیاری و بابەتەکان لە ئامادەیی بەردەوام دابێت .

- پێویســتە دووربکەوێتەوە لە بەکارهێنان و لەبەرکردنی خشــڵی زیاد لە پێویســت، چونکە زۆرجار ئەو خشــڵ و زێرو زیوانە، گرفت بۆ کامیرا دروســت دەکەن، هەروەها ســەرنجی وەرگران لە بابەتە سەرەکیەکە پەرش دەبێت و لا دەچێت .







## جل و بەرگی بێژەر


- پێویســتە پێڵاوی تەنگ لەبەرنەکات، بەتایبەتی کاتێک ویســتی بابەتەکەی بەراوەســتان پێشــکەش بکات.



- جل و بەرگی سادده یان ڕەسمی بپۆشێت.





- ئەگەر نەخشی سادەی لەسەربوو، ئاساییە بێژەری تەلەفزیۆنی بیپۆشێت، بەڵام واباشە شێوەی قوماشەکان نەخشی ئەندازەیی زۆر یان قوماشەکە خاڵ خاڵ(Polka dots) ی زۆری تێدا نەبێت.




- ڕەنگی گەرم یان تۆخ لەبەربکات و دووربکەوێتەوە لە پۆشـــینی ڕەنگی ســـپی یان ڕەنگە ســـاردەکان بەگشتی.

ڕەنگە ساردەکان بریتین لەجۆراوجۆری پلە جیاوازەکانی ڕەنگی شین و سەوز (لە زۆرترین ڕووناکییەوە بۆ زۆرترین تاریکی یاخود بەپێچەوانەوە)، بەڵام ڕەنگە گەرمەکان بریتین لە پلە جیاوازەکانی ڕەنگەکانی سوور و زەرد (لە زۆرترین ڕووناکی یەوە بۆ زۆرترین تاریکی یاخود بە پێچەوانەوە .









## مەرجەکانی بێژەری سەرکەوتوو لە تەلەفزیۆن

1- داهێنەرانە بێت و پشـــت بەخۆی ببەســـتێت. وا پیشـــان نەدات کە پاڵپشـــتێکی لەگەڵە یان یارمەتیدەرێکی هەیە، چونکە خەڵک ئارەزووی لەوەیە کە بێژەر پشت بەخۆی ببەستێت.

2- وا نیشـــان بدەیت کەوا ئارەزووت لەو پێشـــکەش کردنە هەیە و ئارەزووت لەوەیە کە بەخەڵک بلێیت چی روویداوە.

3- ســـەرنج راکێش بێت بۆ بینەرەکان....تەنها بێژەر نابێت دابنیشـــێت و چاوەڕێ ی ئەوە بکات خەڵک دێت و سەیری دەکات.

4- پێویســـتە بێژەر، جـل و بەرگێکی فەرمی و جوانی لەبەردابێـت، چونکە لە تەلەفزیۆن تەرکیزی سەرەکی بینینەو لە ڕێگەی چاوەوە پێشوازی لە شاشە دەکرێت.

5- وورد بێت لە خوێندنەوەو دەربڕین...هێز بە ووشەو ڕستەکان بدات.

6- ئاگاداری ناوەڕۆکی بابەتەکە بێت و خەیالی نەڕوات، چونکە ئەگەر بێژەر لەژێر هەر کاریگەریەکدا بێت ئەوا بینەر بەهەمان شێوە تووشی دەبێت.

7- لە زۆربەی کاتەکاندا دەم بەخەندە بێت. خۆشـــەویســـت بێت لای وەرگر، بۆ ئەوەی بینەر ناوەڕۆکی قسەکانی وەربگرێت و بێزار نەبێت لێ ی.

8- تەندروستی باش بێت و نابێت نەخوشی و شپرزەیی پێوە دیاربێت کەوا بینەر هەستی پێبکات.

9- دەبێت بەڕێز بێت و نابێت بینەر بەبێ نرخ بزانێت. توانای هەبێت لەکۆنترۆڵکردنی خۆیی و لەکاتی هەڵەکردن و پێکەنیندا داوای لێ بووردن بکات و گاڵتە بەهەستی بینەران نەکات.

10- خۆی لەبـابەتەکە تێبگـات ئینجـا بیخوێنێتەوە، چونکە ئەگەر خۆی تێ ی نەگات، نـاتوانێ بینەر لەبابەتەکە بگەینێت.

11- توانـای کۆنترۆڵکردنی تەواوی کات و بڕگەو بـابەتەکانی هەبێت و لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە توانـای دروســـتکردنی هـاوڕێیەتی لەگەڵ بینەراندا هەبێت....واتـا وەک هـاوڕێیەک هەواڵ و بـابەتەکان بنێرێت و بیگەینێت...دوور بێت لە شێوازی فەرماندان.

12- خۆت بە، هەوڵ مەدە کەســێکی تر بیت. بێژەر نـابێت لاســـایی کەس بکاتەوە، ڕەنگە لە توانـای دانەبێت ببێتە کەسـێکی تر...وە ئەگەر جارێک یان چەند جارێک تواناکانی نزیک بێت لەو کەســەی کەوا لاسایی دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە نەتوانێت تاسەر لاسایی ئەو کەسە بکاتەوە...یاخود خۆی لەوانەیە خاوەن توانایەکی بەهێزو شاراوە بێت و باشتر بێت لە کەسانی تر.

# زمانی جەستەو جولەی جەستەی بێژەر

- بێژەر، پشتی ڕێک بکات و بە کووڕی یان لاری یان بەخۆنووشتانەوە دانەنیشێت. شانەکانی نەکەوێت و جەستەی نەچووبێتەوە ناویەک.







- بۆ ڕێک دانیشتنی بێژەر، دەتواندرێت هەردوو دەست بەرەو پشت ببردرێت و بەیەکەوە ببەسترێت، تا قەبارەی بەیەکەوە بەستنی هەردوو دەست، پێویستە بۆشایی لەنێوان بێژەرو کورسی دانیشتن دروست ببێت یان لایەنی کەم چەند سانتیمەترێک بێژەر پشتی لە کورسیەکە دوورخاتەوە، ئەمە ئارەزوو دەربڕین و قسەکردن دروست دەکات و وا لە بێژەر دەکات زیاتر لە ئامادەباشی دابێت و کۆنترۆلی خۆی بکات.



- بێژەر، دەتوانێت دەستەکانی بەشێوەیەکی سروشتی وەک ئاماژەیەک بۆ بیروراو دەربڕینەکان بجولێنێت، بەڵام بەشێوەیەک نەبێت، کەوا جوڵاندنی دەستەکانی بێژەر سەرنج راکێشانی زۆر دروست بکات.



- بێژەر نابێت باوێشک بدات و گاز لەنینۆکەکانی بگرێت و چاوەکانی زەق بکاتەوە بەشێوەیەک بە حەپەسان و واق وڕمان دەربکەوێت.



# بێژەرلە رادیۆدا



لە رادیۆدا وێنەو دەنگ بەیەکەوە پەخش ناکرێت، بۆیە ئەو کەسـەی کەوا لە رادیۆ کاری بێژەری دەکات، پێویستە چەند خالێک بەهەند وەربگرێت:-

- جگەرە مەکێشە...بنێشت مەخۆ...ئاوی زۆر مەخۆ، تەنها ئەوەندە بخۆ تا قورک تەڕ ئەبێت.







بە قوولی هەناسـە هەلکێشـان دیسـانەوە لە شـۆکی و دلەراوکێی دەتپارێزێت. دڵەراوکێ لە ئەنجامی بیرکردنەوە لەو کەسانە دروست دەبێت کەوا تۆ پێشبینی دەکەیت، ئێستا ئەوان گوێیان لێتە.

- دوای نان خواردنی زۆر تووشی هەناسـە تەنگی دەبیت، بۆیە هەوڵدە خواردنی زۆر نەخۆیت...بەهەمان شـێوە نابێت برسـی بوون و ماندووبوون و هیلاکی پێوە دیاربێت و هەروەها بێ هێز و بێ تاقەت نەبیت. چونکە بیستەران هەست بەو هەستانە دەکەن، کەوا تۆ هەتە.

- ئاسوودە (RELAX)بە و هەمیشە خۆت بە و متمانەو پشت ئەستوور بەخۆت بە.

- هێز بدە ووشـەو رسـتەکان و بیانخەرە نێو قالب و بەتەواوی دەریانبڕە. چونکە تێگەیشـتن ئاسـان دەکات.

- هەوڵدە لاقیتەکە نزیک خۆت و بەشێوەیەکی لار بێت، بۆ ئەوەی تووشی سەدا و ترپە نەبێت.

- هەمیشـــە بەزەردەخەنەوە قســـە بکە، چونکە کار دەکاتەســـەر تۆنی قســـەکردن و بە روونی دەربڕینی ووشەو رستەکان.



- زمانێکی ســـادەو ســـاکار بەکاربهێنە، چونکە رادیۆ بۆ هەموو چین و توێژەکانە و هەروەها بۆئەوەی بەئاسانی خەڵک تێبگات.

- تەندروستی باش بێت و نابێت نەخوشی و شپرزەیی پێوە دیاربێت کەوا بیستەر هەستی پێبکات.

- نابێت بیستەر بەبێ نرخ بزانێت.

- پێویستە توانای هەبێت لەکۆنترۆڵکردنی خۆیی و لەکاتی هەلەکردن و پێکەنیندا داوای لێ بووردن بکات و گاڵتە بەهەستی بیستەران نەکات. هەمیشە بەرێزەوە مامەلە لەگەڵ بیستەراندا بکات.

- پێویســـتە، خۆی لەبابەتەکە تێبگات ئینجا بیلێت، چونکە ئەگەر خۆی تێ ی نەگات، ناتوانێ بیســـتەر لەبابەتەکە بگەینێت.

# کۆنگرەی رۆژنامەوانی



- کۆنگرەی رۆژنامەوانی یان کۆنگرەی رۆژنامەنووسی، بریتیە لە یەکێک لە هونەرەکان (ژانرەکان)ی راگەیاندن، لەسەر داوای ئەو کەس یان دەزگایە ئەنجام دەدرێت، کەوا دەیەوێت زانیاریەک یان پێشنیارێک یان روونکردنەوەیەک...هتد بەیان بکات و رابگەینێت، بۆ ئەم مەبەستە بانگێشتی ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان و دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێت، ئەم پرۆسەیە ناو دەبرێت بە کۆنگرەی رۆژنامەنووسی.

- کۆنگرەی رۆژنامەنووسی رێگایەکە بۆ دەست کەوتنی زانیاری.

- کۆنگرەی رۆژنامەنووسی بریتیە لە نمایش و نواندن، پرسیارکردن، چاوپێکەوتن.

- کۆنگرەی رۆژنامەنووسی : Press conferences, news conference media Press opportunity ، conferences , media calls .Brief, briefing, news announcement